# راپۆرتی

## لێکۆڵینەوە لە تۆمەتەکانی راپۆرتی هیومەن رایتس وۆچ و ئەمنستی ئینتەرناشناڵ

**(ئۆفیسی رێکخەری راسپاردە نێودەوڵەتییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان)**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**(لیژنەی لێکۆڵینەوە لە راستییەکان- جەلەولا)**

**Updated 2020**

ناوەڕۆک:

پێشەکی ................................................................ (٢)

شێوازی لێکۆڵینەوە .........................................................(٤)

خاپوورکردنی خانوو و باڵەخانەکان ...................................(٥)

راگواستنی زۆرەملێ و گەڕانەوەی هاووڵاتیان.................................. (١١)

ئازادی هاتووچۆی هاووڵاتیانی سڤیل ......................................... (١٥)

دەست بەسەردا گرتنی موڵکی هاووڵاتیانی سڤیل................................ (١٧)

پێشنیارەکان بە مەبەستی چارەسەرکردن..................................(١٩)

**پێشەکی:**

هەریەکە لە رێکخراوەکانی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ (لێبووردنی نێودەوڵەتی) و هیومەن رایتس ووچ (رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ) ئاماژە بەوە دەکەن ژمارەیەک گوندی هاووڵاتیانی عەرەب لە سنووری پارێزگای دیالا لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە بە بلدۆزەر تێکدراون هەروەها باس لە راگواستنی زۆرەملێ و نەگەڕانەوەی هاووڵاتیان بۆ سەر زێدی خۆیان، ئازادی هاتوچۆ هاووڵاتیانی سڤیل و دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی ناوچەکە دەکات.

بەرپرسە ئەمنی و سەربازی و ئیدارییەکانی ناوچەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشێک لە خانووی هاووڵاتیانی ناوچەکە لە کاتی شەڕ و لە ئەنجامی بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکان و بۆمبڕێژکردنیان وێران بوون، هەروەها ژمارەیەک خانوو و شوێنی بازرگانی خەڵک لە گشت پێکهاتەکان لە لایەن حەشدی شەعبییەوە سووتێندراون ئینجا بە بلدۆزەر وێران کراون.

بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە گەڕەکی تەجنید لە جەلەولا (گوڵاڵە) گەڕەکێکی زیادەڕۆ (تجاوز)ە کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دروستبووە، دوای رووخانی رژێم لە ساڵی ٢٠٠٣ نزیکەی (1800) پلەداری سەربازی پێشووی ڕژێمی بەعسی لێ بوو، هەروەها جگە لە کۆنە بەعسییەکان ئەندامانی قاعیدە و نەقشەبەندیش لەوێ کۆببوونەوە و بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنییان هێنابووە ئەوێ و تەنانەت سوپای عێراقی و ئەمریکییەکانیش نەدەچوونە ئەو ناوچەیەوە، قورسایی شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگە و تیرۆریستانیش لەو ناوچەیە لەو گەڕەکە روویدا.

لەلایەکی ترەوە بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا پێی راگەیاندین (لیژنەی دۆزینەوەی راستییەکان) کە پێشتر کورد (٨٠ %)ی دانیشتوانی جەلەولای پێکدەهێنا و عەرەب (10 %) و تورکمان (10 %) بەڵام ئێستا کورد تەنها (٢٥

%) وعەرەب (٧٠ %) و تورکمان (٥ %)ی دانیشتوانی پێکدەهێنن، و ئاماژەی بەوە کرد کەتاکە گلەییان لە پێشمەرگە ئەوەیە کە ڕێگایان بە حەشدی شەعبیدا بێنە ناو سەنتەری جەلەولا، چونکە وێرانکاریەکی زۆریان ئەنجامدا وێنە و ڤیدیۆمان لەلایە کە ماڵی کورد و عەرەبیان دەسووتاند دواتر دەیانتەقاندنەوە و لە ڕێکەوتی 12/10 تا ٢٠١٤/١٢/١٥ واتە لە ماوەی تەنیا چوار ڕۆژدا نزیکەی (٢٠٠٠) شوێنی بارزگانییان سوتاند.

سەبارەت بە گەڕانەوەی خەڵکیش ئاماژەی بەوە کرا کە دوای ڕزگارکردنی جەلەولا لەدەست داعش بەرنامەیەک دانراوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی شارەکە و گەڕانەوەی خەڵکەکەی، سەرەتا ئەو گەڕەکانە کە کەمترین زیانیان پێکەوتووە خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانیان بۆ دابین دەکریت. لە ٢٠١٦/١/١٣ ەوە تا ئێستا بەپێی ئەم بەرنامەیە لە کۆی هەشت گەڕەک تائێستا چوار گەڕەک ئاوەدانکراوەتەوە ئەوانیش گەڕەکەکانی (الطلیعە، العروبە، الشهداء، الجماهیر)ن کە دەکاتە نزیکەی 4900 خێزان گەڕاونەتەوە دوای گەڕانەوەشیان ئاو و کارەبایان بۆیان دابینکردووە.

هەروەها بەرپرسی میحوەری گەرمەسێری هێزی پێشمەرگە ئەوەی روونکردەوە لە جەلەولا بە هەزاران خانووی خەڵک رووخاوە و زۆر هۆکاری جیاجیا هەبوون بۆ ویرانکاری لەوانە کێشەی کۆمەڵایەتی، چونکە کێشەی دوژمنداری زۆر هەیە لەنێو خەڵک، هەروەها حەشدی شەعبیش هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەم وێرانکاریە، وئەگەر تا ئێستا لە جەلەولا بوونیان هەبوایە بەتەواوی شارەکەیان وێران دەکرد سەبارەت بە گەڕانەوەی خەڵکیش هەندێک لە دانیشتووانی جەلەولا گەڕاونەتەوە، بەڵام هاوکاری نەکراون و بۆ ئەم مەبستەش چەندین جار بەرپرسانی بەغدا سەردانیان کردین، بڕیاربوو کە بڕی هەشتا و هەشت ملیار دینار سەرف بکەن بۆ ئەو دانیشتووانەی گەڕاونەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ هاریکاریەک لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە پێشکەش بەم ناوچەیە نەکراوە.

سەبارەت بە تێکدانی خانووی هاووڵاتیان بەڕێوەبەری نەهێشتنی تاوانی خانەقین لە بارەی تێکدانی خانووی هاووڵاتیان رونیکردەوە کە (لیوای خوراسانی) بە شۆفڵ خانووی هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی تێکدەدەن و زۆر جار دەستی تۆمەت بۆ هێزە کوردییەکان درێژ دەکرێت، من خۆم شۆفێری شۆفڵێکم بینی کە جلی کوردی لەبەر بوو بە ناوی ( حاجی جەواد) دەیویست خانووی ناوچەکە تێک بدات دواتر دەرکەوت کە عەرەبە و یەکێکە لە بەرپرسەکانی (لیوای خوراسانی) تا ئێستا زیاتر لە (١٤٥٠) سکاڵا بە تۆمەتی کوشتنی خەڵکی بێتاوانی عەرەبی ناوچەکە و تێکدانی خانووەکانیان بۆ دادگا بەرز کراوەتەوە کە هیچیان دژی هێزە ئەمنییەکان و پێشمەرگە نەبوون.

لەلایەن خۆیەوە فەرماندەی پێشووی لیوای(5) پێشمەرگە روونیکردەوە لەو کاتەی پێشمەرگە چوونە ناو جەلەولا تەنیا لە گەڕەکی (الوحدة) کاتێک ئێمە چووینە ناو گەڕەکەکە لە یەک کاتدا (٩) خانوو بەدوای یەکتردا

تەقییەوە. زۆربەی وێرانکاریەکانیش داعش و حەشدی شەعبی لێی بەرپرسیارن، چونکە ئەو بەشەی کە بەدەست حەشدی شەعبی (خوراسانی) بووە بەشۆفڵ خانووەکانیان وێرانکردووە.

شێخ و سەرۆک هۆزە عەرەبییەکانی ناوچەکە گلەییان لە حکومەتی ئیتیحادی هەبوو و ئاماژەیان بەوە کرد کە حکومەتی ئیتیحادی هەڵوێستی نەرێنی بووە تەنانەت ئەو هاریکارییەی بۆ راگوێزراوانیش دێت نایگەنە دەستمان، بەڵام حکومەتی هەرێم هاریکاری زۆری کردووین بۆیە ئێمە بە تاکە پەناگەی خۆمانی دەزانین بەتایبەتی دوای هاتنی چەتەکانی حەشدی شەعبی کە بە هەموو شێوەیەک دژایەتی سوننە دەکەن و هەوڵی لەناوبردنیان دەدەن.

ئێمە درک بە بارودۆخی دارایی و قەیرانی ئابووری حکومەتی هەرێم دەکەین کە ناتوانێت وەکو پێویست بەردەوام بێت لە هاریکردنمان، بۆیە چەندین جار داوامان کردووە کە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان لە رێگای حکومەتی هەرێمەوە بەسەر ئێمەدا دابەش بکرێت، چونکە بەشێوەیەکی یەکسان دابەشیان دەکات.

نوێنەری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی ئەوەی روون کردەوە کە ئەو رێوشوێنانەی بۆ گەڕانەوەی خەڵک دەگیرێنە بەر بە رەزامەندی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و وەزیری بەرگری و وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی ئیتیحادی بووە، بۆ پاراستنی سەقامگیری ناوچەکە و رێگا گرتن لە تیرۆریستان رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئەوانەی دەگەڕێنەوە بە فلتەری ئەمنیدا تێپەڕ بن و پاش تێپەڕبوونیان بە فلتەری ئەمنیدا دەگەڕێنەوە و ئێستا زۆربەیان بەم میکانیزمەوە لە خانەقین و شوێنەکانی دیکەدا نیشتەجێن. هەروەها ناحیەکانی (عظیم، سەعدیە، میقدادیە) کە پێش جەلەولا رزگارکراون و خەڵکەکەی گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان هەرچەندە تائێستا تەنیا (25%) یان ئاوەدانکراونەتەوە.

## شێوازی لێکۆڵینەوە:

لیژنەی دۆزینەوەی راستییەکان لە بەردەوامی کارەکانیدا سەر لەبەیانی رۆژی سێشەممە رێکەوتی **2016/5/31** بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە راستییەکان لەو ناوچانەی کە شەڕ تێیاندا روویداوە سەردانی میحوەری دیالا و دەوروبەری کرد بە مەبەستی بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لەو زانیاریانەی کە لە راپۆرتی هەردوو رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ (لێبووردنی نێودەوڵەتی) و هیومەن رایتس وۆچ (رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ) ئاماژەیان پێکراوە.

لیژنەی دۆزینەوەی راستییەکان پێکهاتبوو لە سەرۆکی لیژنەی هەڵسەنگاندن و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان لە ئەنجوومەنی وەزیران (سەرۆکی لیژنە) و نوێنەرانی هەریەکە لە سەرۆکایەتی هەرێم، ئاسایشی گشتی، وەزارەتی پێشمەرگە، وەزارەتی ناوخۆ (ئەندامانی لیژنە) و سکرتاریەتی لیژنەی هەڵسەنگاندن

و وەڵامدانەوەی راپۆرتە نێودەوڵەتییەکان سەردانی ئەم ناوچانەیان کرد، لە میانەی ئەم سەردانەدا چاوپێکەوتنی راستەوخۆیان لەگەڵ بەرپرسانی ئیداری، سەربازی، ئەمنی و خەڵکی ناوچەکە ئەنجامدا.

لە سەرەتای سەردانەکەدا لیژنەکە چاوی بە بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان و بەرپرسی میحوەری گەرمەسێری هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بەرپرسی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان خانەقین و چەندین بەرپرسی تری حکومی و ئەمنی کەوت. دواتر چاوی بە سەرۆک هۆزە عەرەبەکان و موختاری چەند گوندێکی ئەم ناوچەیە کەوت کە لە راپۆرتی رێکخراوی هیومەن رایتس ووچ دا هاتبوو تاکو لە نزیکەوە  واقعەکە وەکو خۆی ببینن و گوێ لە خەڵک و موختاری ئەم گوندانە بگرن بۆ ئەوەی خۆیان باس لە رووداوەکان بکەن بەتایبەتی لە دوای دەرکردنی تیرۆریستانی داعش و ئازاد کردنەوەی ناوچەکانیان لەلایەن هێزی پێشمەرگە و دامودەزگا ئەمنییەکان.

لەم سەردانانەدا لیژنەی دۆزینەوەی راستیەکان تیشکی خستە سەر ئەو تۆمەتانەی کە لە ناوچە ئازادکراوەکان خراونەتە پاڵ دامودەزگاکانی حکومەت وەک کاولکاری و دەرکردنی بە زۆرەملێی خەڵکی ناوچەکە و رێگانەدان بە گەڕانەوە و هاتوچۆی هاووڵاتیان، ئامانجێکی تری ئەم سەردانە وەک بۆ بەرپرسەکانی ناوچەکەمان دیاری کرد بۆ ئەوە بوو واقعی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی ئەم ناوچانە و بەرپرسیاریەتی هێزە ئەمنییەکانی کوردستان کە ئەرکی پاراستنی ئەم ناوچانەیان پێ سپێردراوە بخرێتەروو. لە کۆی چاوپێکەوتنەکاندا بارودۆخی ئەم ناوچانە، شەڕ و پێکدادان و ئەو وێرانکاریانەی کە لەم ناوچانە روویانداوە و چۆنێتی هاتوچۆکردن و گەڕانەوەی دانیشتوانی عەرەبی ئەم ناوچانە تاوتوێ کران.

**یەکەم: خاپوورکردنی خانوو و باڵەخانەکان**

لە راپۆرتەکانیاندا هەردوو رێکخراوی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و هیومەن رایتس ووچ باس لەوە دەکەن کە گوایە ژمارەیەک گوندی هاووڵاتیانی عەرەب لە سنووری پارێزگای دیالا لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە خاپوورکراون لەوانەش ( وەحدە، سعد، جەمیلە، باهیزە، تەجنید و چەند گوندێکی دیکەی ناوچەکە) و ئاماژەش بەوە دەکەن کە بەشێک لەو گوندانە دوای ئازادکردنیان لەلایەن هێزە کوردییەکانەوە بە بلدۆزەر تێکدراون لە کاتێکدا شەڕی تێدا نەبوو و داعش لەو ناوچانە دەرکرا بوو.

بەرپرسە ئەمنییەکانی ناوچەکە جەخت لەوە دەکەنەوە کە لە حاڵەتی شەڕدا وێرانکاری دەبێت، بەڵام لایەنە ئەمنی و سەربازییەکان خانوویان بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو تێکنەداوە و ئەوەی روویداوە لە ئەنجامی شەڕ و بۆردوومانی بەردەوام و خۆحەشاردانی تیرۆریستیان و بۆمبڕێژکردنی خانووەکان بووە لەلایەن داعشەوە لەو گوندانەی کە راپۆرتەکان ئاماژەیان پێی کردووە.

لەلای خۆیانەوە خەڵکی ناوچەکە ئاماژە بەوە دەکەن بەشی هەرەزۆری وێرانکاری خانووەکان لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان هێزی پێشمەرگە و داعش و بۆردوومانی فڕۆکە جەنگییەکان بووە، لە هەمان کاتدا دوای هاتنی حەشدی شەعبی بۆ ناوچەکە ژمارەیەکی زۆر لە خانوو و شوێنی بازرگانی خەڵکی ناوچەکە دوای سووتاندنیان بە بلدۆزەر خاپور کراون.

<u>**گوتەی بەرپرسە ئیداری و حکومی و سەربازییەکانی ناوچەکە:**</u>

**(بەڕێز سەڵاح کوێخا بەرپرسی ئیدارەی گەرمیان):**

دانیشتوانی کەلار نزیکەی (280000) دوو سەد و هەشتا هەزار کەس دەبێت لەوانە (8000) کەسیان فۆرمی بەشە خۆراک و فەرمانگەی باری شارستانییان لەسەر خانەقینە و پێداویستیەکانیان لەسەر ئیدارەی گەرمیانە، لە ساڵی 1970 کەلار بوو بە قەزا و سەر بە پارێزگای کەرکوک بوو بەڵام دواتر لەلایەن حکومەتی بەغدا بەمەبەستی تەعریبکردن خرایە سەر پاریزگای دیالە، نزیکەی 80 کم لە خانەقین و 50 کم لە جەلەولا دوورە، ئێستا کەلار هیچ کێشەیەکی ئەمنی و مەترسی تیرۆریستانی لەسەر نییە.

لە هەردوو کابینەی پێنج و شەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەیەکی زۆری بۆ تەرخانکرا، ئەو ناوچەیەش دەوڵەمەندە بە نەوتی ژێرزەوی و ڕۆژانە (5000-5500) بەرمیل نەوت لە کێڵگەی (حەسیرە) بە تەنکەرەوە ڕەوانە دەکرێت و کۆمپانیای (گاز پرۆم)ی روسی کار لەو کێڵگەیە دەکات، ئێستا شەش هەزار خێزانی عەرەب لە ناوچەکە ئاوارەن کە هەموویان عەرەبی سوننەن و لە ناوچەکانی تکریت، فەلوجە و ئەنبار روویان لەو ناوچەیە کردووە، بەشێوەیەکی گشتی لەو شوێنانەی سوننە گرفتی هەبێت خەڵکەکەی روو لە ناوچەی ئێمە دەکەن، چونکە هاوکاری دەکرێن و رێزیان لێدەگیرێت و وەک خەڵکی ناوچەکە مافیان هەیە، نزیکەی (١٢٠٠) خانەوادەی ئاوارەکان لە ناحیەی (کۆدۆ) نیشتەجێن، هەروەها لە (قورەتوو) و (تازەدێ) دوو کەمپی ئاوارەی لێیە، جگە لە راگوێزراوە عەرەبەکان نزیکەی (١٠٠) خانەوادەی کوردانی رۆژهەڵاتیش لەم ناوچەیە نیشتەجێن بۆیە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی ئیتیحادی نووسینگەی لەو ناوچەیە کردۆتەوە.

بەشێک لەو عەرەبانەی کە لەو ناوچەیە ئاوارەن خزم و کەسوکاریان دژی پێشمەرگ شەڕ دەکەن لە ڕیزەکانی داعش تەنانەت هەندێکیان لەو شەڕانەدا کوژراون، سەرەڕای ئەمەش ئێمە ڕێگەمانداوە تەرمەکانیان لەلایەن کەس و کاریانەوە بەڕێزەوە بنێژرێن.

گەڕەکی تەجنید لە جەلەولا (گولاڵە) گەڕەکێکی زیادەڕۆ (تجاوز)ە کە لەدوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس دروستبووە، دوای رووخانی رژێم لە ساڵی ٢٠٠٣ نزیکەی (1800) پلەداری سەربازی پێشووی ڕژێمی بەعسی لێ بوو، هەروەها جگە لە کۆنە بەعسییەکان ئەندامانی قاعیدە و نەقشەبەندیش لەوێ کۆببوونەوە و بڕێکی زۆر چەک و تەقەمەنییان هێنابووە ئەوێ و تەنانەت سوپای عێراقی و ئەمریکییەکانیش نەدەچوونە ئەو ناوچەیەوە، قورسایی شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگە و تیرۆریستانیش لەو ناوچەیە لەو گەڕەکە روویدا، لە ئەنجامی شەڕدا رۆژی ٢٠١٤/١١/٢٣ کاتژمێر شەشی ئێوارە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان (تەجنید)یان بە سەختی بۆردوومان کرد ئەمەش بووە هۆی وێران بوونی ژمارەیەکی زۆری خانووەکان بەتایبەتی ئەو خانووانەی کە تیرۆریستانی داعش خۆیان تێدا حەشاردابوو و شەڕیان دەکرد، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ خاپووربونی ئەم گەڕەکە واتە لە ئەنجامی شەڕ رووخاوە و بە شۆفڵ نەڕوو خێنراوە.

**(بەڕێز یعقوب یوسف علی بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا (گولاڵە):**

دانیشتوانی جەلەولا لە پێکهاتەکانی کورد و عەرەب و تورکمانن و گشتیان سوننە مەزهەبن، پێشتر کورد (٨٠ %)ی دانیشتوانی پێکدەهێنا و عەرەب (10 %) و تورکمان (10 %) بەڵام دوای ئەوەی لە ساڵی 1975 زۆربەی کوردەکان ڕاگوێزراون ئێستا کورد تەنها (٢٥%) وعەرەب (٧٠ %) و تورکمان (٥ %)ی دانیشتوانی جەلەولا پێک دەهێنن، بەر لە هاتنی داعش دانیشتوانی جەلەولا 87000 کەس بوون.

تاکە گلەییمان لە پێشمەرگە ئەوەیە کە ڕێگایان بە حەشدی شەعبیدا داخلی جەلەولا (گولاڵە) بن بەتایبەتی (سرایا الخوراسانی) کە ئەمانە بەشێکی سەرەکین لە حەشدی شەعبی و وێرانکاریەکی یەکجار زۆریان ئەنجامدا وێنە و ڤیدیۆمان کە ماڵی کورد و عەرەبیان دەسووتاند دواتر دەیانتەقاندنەوە و ویستیان چەند مزگەوتێک بتەقێننەوە، هەروەها لە ماوەی چوار رۆژدا واتە لە رێکەوتنی 12/10 تا ٢٠١٤/١٢/١٥ نزیکەی (٢٠٠٠) شوێنی بارزگانییان لەماوەی (٤) ڕۆژدا سوتاند. مەفرەزەکانیان شەوانە هەبوون و هەندێک خەڵکی شیعە ماڵەکانیان نیشانی حشدی شعبی دەدا ئەوانیش دزی و تاڵانیان دەکرد و خانووەکانیان دەتەقاندەوە و بەو هۆیەوە نزیکەی نیوەی جەلەولا (گولاڵە) یان وێرانکرد ئەوانە هەمووی لەدوای هاتنی پێشمەرگەوە ئەنجامدرا لەلایەن حەشدی شەعبییەوە بەتایبەتی لە گەڕەکەکانی (طليعة و حی الخضراء).

لەناو جەلەولا (٩٧ %)ی بنکەکانی ئیداری و (٢٧٤) خانووی کارمەندانی حکومەت وێران کراوە، هەروەها جەلەولا لە (8301) مین پاککراوەتەوە کە بەشێوەیەکی شارەزا خانووەکانیان پێ مینرێژ کردبوو بەجۆرێک چەند خانووەک بەیەکەوە دەتەقنەوەو بۆ هەر خانویەک نزیکەی (٣٠) کیلۆ TNT دانرابوو و زۆربەیان لە ناو جلیکان دانرابوون و ژمارەیەکی زۆر خانوو بە هۆی ئەم مین و تەقەمەنیانەوە تێکدراون. سەبارەت بە وێرانکردنی

گوندی (الوحده) نیوەی بە دەست داعش بوو و نیوەکەی تریش بە دەست (سرایا الخراسانی) بوو کە لەگەڵ پێشمەرگە بە یەکەوە بوون، لە گوندی ( الجمیله) سەرەتا حەشدی شعبی چووە ناو گوندەکە و دوای ئەوەی زۆربەی خانووەکانی سووتاند ئینجا بە شۆفڵ تێکیدان، پاش تێکدانی خانووەکان و سووتاندنیان ئینجا هێزی پێشمەرگە چووە ناو ئەو گوندەوە.

(سرایا الخراسانی) لە بەرزاییەکانی تەکیەوە خانووەکانیان دەتەقاندەوە و و وێرانکارییەکە بە جۆرێک بوو کە چەند گەڕەکێکیان بەسەر یەکەوە تەقاندەوە، بۆ ئەم مەبەستەش (سید صبحی)یان هێنابوو، دوای کوشتنی (سید صبحی) بلدۆزەیان هێنا بۆ تێکدانی چەند خانووەکی دیکە و کاتێک پێمان گوتن بۆچی ئەم کارە دەکەن بە ئاشکرا وتیان ئەمە لە تۆڵەی (سید صبحی)یە.

**(بەڕێز مەحمود سەنگاوی بەرپرسی میحوەری گەرمەسێری هێزی پێشمەرگە):**

بۆ پاککردنەوەی جەلەولا لە تیروریستان تا ئێستا نزیکەی 177 شەهیدمان داوە بۆیە ئەو سنوورانەی کە بە دەست هێزەکانی پێشمەرگەوەن بە تەواوی پارێزراو و ئارامن و مەترسی هێرشی بۆ سەر پێشمەرگە لەم ناوچەیە نەماوە، بەڵام سوپای عێراق نەیتوانیوە پارێزگاری لەو ناوچانە بکات کە لە ژێر دەسەڵاتییەتی و پاکیان بکاتەوە لە تیرۆریستان بەتایبەت ئەو ڕێگەی کە بۆ بەغدا دەچێت زۆر مەترسیدارەو بە زۆر شێوە لەم ڕێگایەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر هاووڵاتیان و تاڵان دەکرین و دزیان لێدەکریت و دەکوژرین نەک هەر لەلایەن داعش بەڵکو لەلایەن حەشدی شەعبیشەوە.

لە جەلەولا بە هەزاران خانووی خەڵک رووخاوە و زۆر هۆکاری جیاجیا هەبوون بۆ ویرانکاری لەوانە کێشەی کۆمەڵایەتی بەجۆرێک کە کێشەی دوژمنداری زۆر هەیە لەنێو خەڵک هەروەها حەشدی شەعبیش هۆکاری سەرەکی بوون بۆ ئەم وێرانکاریە، جگە لەمەش دەیان هاووڵاتی کوردیان دەستگیر کردووە و داوای پارە لە کەس وکاری دەکەن بۆ ئازادکردنیان و ئەگەر حەشدی شەعبی تا ئێستا لە جەلەولا بوونیان هەبوایە بەتەواوی شارەکەیان وێران دەکرد.

**(رائید فرهاد رفعت محمد علی بەڕێوەبەری نەهێشتنی تاوانی خانەقین):**

ماوەی شەش مانگ شەڕ لە جەلەولا بەردەوام بوو لە هەندێ کاتدا سێ گەڕەک بەدەست ئێمەوە بووە و سێ گەڕەک بەدەست داعشەوە ئەمەش مانای وایە کە شەڕ و پێکدادان بەردەوام لە ماوەی ئەم شەش مانگەدا هەبووە، هەندێک لە عەرەبەکانی ناوچەکە سەرپەرشتی تیرۆریستانی داعشیان دەکرد لە شەڕەکان تەنانەت یەکێکیان کە مامی ئێستا لێرەیە بەرپرسی داعش بوو و بە دەستی خۆی خانووی مامی تێکدا و ئامۆزایەکی خۆیشی کوشت.

جگە لە داعش حەشدی شەعبیش خانووی خەڵکی ناوچەکەی تێکداوە من خۆم شۆفێری شۆفڵێکم بینی کە جلی کوردی لەبەر بوو بە ناوی (حاجی جەواد) دەیویست خانووی ناوچەکە تێک بدات کاتێک لێمان پرسی کارت چییە لێرە، بە عەرەبی وەڵامی داینەوە دەرکەوت کە عەرەبە و یەکێکە لە بەرپرسەکانی (لیوای خوراسانی) دەیەوێ بە ناوی کوردەوە ئەم کارە ئەنجام بدات، لەمەش دەردەکەوێت کە (لیوای خوراسانی) بە شۆفڵ خانووی هاووڵاتیان بەبێ جیاوازی تێکدەدەن و زۆر جار هێزە کوردییەکان تۆمەتبار دەکرێن بەم کردەوەیە لە کاتێکدا حەشدی شەعبی ئەم تاوانانەی ئەنجامداوە، بۆ پشت ڕاست کردنەوەی ئەمەش تا ئێستا زیاتر لە (١٤٥٠) سکاڵا بە تۆمەتی کوشتنی خەڵکی بێتاوانی عەرەبی ناوچەکە و تێکدانی خانووەکانیان بۆ دادگا بەرز کراوەتەوە کە هیچیان دژی هێزە ئەمنییەکان و پێشمەرگە نەبوون، بەپێچەوانەوە ئێمە هاوکاری عەرەبەکانی ناوچەکە دەکەین و بۆ ڕێگە گرتن لەم ڕەفتارە ناشیرینانەی کە بە ناوی پێشمەرگەوە ئەنجام دەدرێت ئێمە وەک هێزەکانی ئاسایش تا ئێستا چەندین جار ئەندامی حەشدی شەعبیمان دەستگیر کردووە بەڵام دواتر ناچار بووین ئازادیان بکەین.

لە ٢٠١٥/١١/١٤ حەشدی شەعبی و حزب الله و عصائب اهل الحق لە جەلەولا دەستیان بە شەڕ کرد، پێشمەرگەش لە لایەن خۆیەوە (٨) گەڕەکی جەلەولای ئازاد کرد خۆشبەختانە هیچ خانووەک لەو بەشەی کە پێشمەرگەی تێدا بوو تێک نەدرا تەنیا خانووی ئەو کارمەندانەی ئاسایش نەبێت کە داعش تێکیدابوون چونکە داعش لە ناو جەلەولا نزیکەی (٦٥٠) خانووی پۆلیس و (٢٨) خانووی ئەفسەرانی تێکدابوو بەر لە ئازاد کردنەوەی.

گوندەکانی (باهیزە و جەمیلە) ژمارەیەکی زۆری تیرۆریستانی داعشی لێ بوو کە هەندێکیان ئەمیر بوون، دواتر لە لایەن حەشدی شەعبییەوە سوتێندرا ئینجا بە شۆفڵ تێکدران، سەبارەت بە گوندی (الوحدە) ژمارەیەکی زۆر لە خانووەکانی تێکدراون، چونکە شەڕی زۆری تێدا بووە بۆ نموونە تەنیا لە یەک ڕۆژدا زیاتر لە (٢٥) خانووی تێکدراون.

**(ڕزگار جەبار فەرماندەی پێشووی لیوای(5) پێشمەرگە):**

لەکاتی چوونمان بۆ جەلەولا لە گەڕەکی (الوحدة) بە تەنیا (٩) خانوو بەدوای یەکتردا تەقیبەوە بەر لە ڕزگارکردنی جەلەولا بەردەوام هێرشی تیرۆریستان هەبووە بۆ سەر ناوچەکە و ئەم بارودۆخەی شەڕ بۆ ماوەی شەش مانگ بەردەوام بوو، لەو ماوەیەدا شەو هەبووە چوار جار لەسەریەک داعش هێرشیانکردووە بە شێوازی جیاجیا بۆ نموونە ڕۆژێکیان خۆکوژێک بە پاسێکی گواستنەوەی هاووڵاتیان هاتووە گەڕەکێکی وێرانکردووە، هەرچەندە ئەو شوێنانەی کە بەدەست هێزی پێشمەرگەوە بووە سەلامەت بووە و پارێزراون، بەڵام ئەو ویرانکاریانە لە ناوچەکە روویدا بەشی زۆری لەلایەن داعش و حەشدی شەعبی بەتایبەتی (لیوای خۆراسانی) بووە. ئەو بەشەی کە بەدەست حەشدی شەعبی (لیوای خوراسانی) بووە بەشۆفڵ خانووەکان وێرانکراون. هەر بۆیە لە ماوەی نێوان 2016/9/21 تا 2016/11/23 زیاتر لە (٣٠٠٠) سکاڵا لەلایەن خەڵکی جەلەولا بۆ دادگا بەرز

کراوەتەوە دژی (لیوای خوراسانی) و زۆربەی سکاڵاکان سەبارەت بە دزی و تاڵان کردنی ماڵ و تێکدانی خانووەکانیان بووە.

سەبارەت بە ناوچەی (طبج) کە لە (٣٩) گوند پێکهاتووە، ناوچەیەکی زۆر فراوانە و بەردەوام شەڕ و پێکدادانی تێدا هەبووە پێشتریش مۆڵگەی قاعیدە بووە بەڵام چەند گوندێکی ئەو ناوچەیە وەک (تەپە و عیون خشالات) لەلایەن پێشمەرگەوە پارێزراوەو دانیشتوانەکەی چەکدارن و بەرگری لەخۆیان دەکەن. سەرەتا (سێ) شەڕ لەو ناوچەیە روویدا و بە هێرشی قاعیدە لەگەڵ رێکخراوەکان (نقشبندی، جیش المجاهدین و جند الاسلام) بۆ سەر هێزەکانی پێشمەرگە دواتر شەڕی تیرۆریستانی داعش دژی پێشمەرگە روویدا. (طبج ) دەڕوانێتە سەر دەریاچەی (حەمرین) و تیرۆیستان دەتوانن بە بەلەمی بچووک لە ئاوەکە بپەڕنەوە.

هەروەها لە (شارەبان)ەوە تا دەگاتە (سامەرا) ناوچەیەکی سەوزاییە و باغ و بیستانی زۆری لێیە لەبەرئەوە خۆشاردنەوە تێیاندا ئاسانە، هەروەها چەند ئەشکەوتێکی سەخت و ئاڵۆزی تێدایە و بەکاردەهێندرێت لەلایەن گرووپە تیرۆریستەکان کە ماوەیەکی زۆرە لەو ناوچەیە بوونیان هەبووە وەک (انصار الاسلام، جیش النقشبندی و قاعیدە) بۆیە کۆنترۆڵکردنی ئەم ناوچەیە زۆر ئەستەمە تەنانەت لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوەتائێستا هێزی ئەمریکیەکانیش نەیانتوانیوە بچن بۆ ئەم ناوچەیە.

**<u>گوتەی سەرۆک هۆزە عەرەبەکانی ناوچەکە:</u>**

**(شێخ أسعد صالح حبیب الكروی):**

ئێمە سوپاسی حکومەتی هەرێم و میحوەری گەرمیان دەکەین لە بەرامبەر هاوکاری کردنی هاووڵاتیانی عەرەب بەشێوەیەکی رێک و پێک و لادانی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی کە دێنە رێگایان و دابینکردنی ئەو کەش و هەوا ئارامە بۆ بۆ پێکەوەژیان بەبێ جیاوازی کردن لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی ناوچەکە و پاراستنی ئارامی و چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکان.

ئێمە سەر و ماڵمان بەهۆی داعشەوە لەدەست داوە و برازایەکم کە داعش بووە ماڵەکەمی ڕووخاندووە، کاتێک داعش هات بۆ ناو جەلەولا شەڕو پێکدادان و ڕوبەڕوو بوونەوەی زۆر قورس ڕوویدا کە بووە هۆی وێرانکارییەکی زۆر لە ناوچەکە.

**(شێخ عبدالله الجنابی):**

لە ساڵی ٢٠٠٦ تەکیە و مزگەوتی ئێمە لە بەعقوبە تەقێنرایەوە برایەکم و کوڕەکەی کوژران ئێستا ئێمە لێرە نیشتەجێین هەست دەکەین لە ناو کەس و کاری خۆمانین و زۆر سوپاسی بەرپرسانی ناوچەکە دەکەین نزیکەی

1000 خێزانی ناوچەی (جرف الصخر) لێرە نیشتەجێن، لەوانە (٢٥٠٠)یان لە دەوروبەری دەربەندیخان نیشتەجێن، ئەوانە ئازادن لە گەڕانەوە، بەڵام بەشێکیان بێ ئومێدن لە گەڕانەوە بەتایبەتی دانیشتووانی ناوچەی (جرف الصخر) چونکە لەم ناوچەیە ماڵ و بێستان و هەموو شتیکیان وێرانکراوە.

**(شێخ محمود حسن حسین علی الخالدی موختاری گوندی طلیعە):**

من ناوی نزیکەی 1800 خێزانم لایە کە گشتیان گەڕاونەتەوە ژمارەی ئەو خانووانەی کە وێران کراون دەگاتە (١٤)خانوو، بەڵام سەرەڕای تێکدانیشیان خاوەنەکانیان گەڕاونەتەوە و لەگەڵ خزم و کەسوکاریان دەژین، دانیشتووانی گوندەکەمان چەندین سکاڵایان تۆمارکردووە لەلایەن پۆلیس هەموو سکاڵاکانیش سەبارەت بە دزین و تاڵان کردنی ماڵ و موڵکیان بووە.

**(ئیبراهیم عەبد موختاری گەڕەکی تەجنید):**

نزیکەی (٢٠ %)ی خانووەکانمان وێران کراوە بەشێک لەو خانوانە لەکاتی داعش وێرانکرابوون و بەشێکیشیان لە ئەنجامی شەڕ و بۆمبڕێژکردنیان لەلایەن داعشەوە بووە، بەر لەهاتنیان داعش هەرەشەیان لە من کرد بۆیە بەناچاری جەلەولام جێهێشت لەدوای ئازادکردنی جەلەولاش لەلایەن پێشمەرگەوە زۆربەی ئەوخانوانە وێرانبوون کە لەلایەن داعشەوە پێشتر مینڕێژکرابوون.

**(شێخ عبدالمحسن عواد الجبوری):**

لە ساڵی 2013 (جومەیلە و شەهرەبان و میقدادیە) چۆڵە و شەڕو پێکدادانی لێیە و لەوکاتەوە ڕوومان لە هەرێمی کوردستان کرد و پێشوازییەکی زۆر باشیان لێکردین و هاوکارییان کردین .

**(عادل وادی اسماعیل موختاری گوندی بایزە):**

دوو برام لەلایەن داعشەوە کوژراوە و وێرانکاری بەهیچ شێوەیەک لەلایەن پێشمەرگەوە ئەنجامنەدراوە لەسەرەتای مانگی هەشتی 2014 داعش بۆ ماوەی شەش مانگ لە جەلەولا مایەوە ئێستا گوندەکەمان ئاوەدان نەکراوەتەوە لەبەر ئەوەی دەکەوێتە سەر هێڵی شەڕ و تەنها پێنج کیلۆمەتر لە داعشەوە دوورین بۆیە ناتوانین بگەڕێینەوە شوێنی خۆیان، لەگەڵ هاتنی داعش ئێمە گوندەکەی خۆمان جێهێشتووە و تا ئێستا گوندەکەی ئێمەش هەر لەبەر هەمان هۆکار ئاوەدان نەکراوەتەوە.

**دووەم: ڕاگواستنی زۆرەملێ و نەگەڕانەوەی هاووڵاتیان بۆ سەر زێدی خۆیان**

ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی ئەمنستی ئینتەرناشناڵ تۆمەتی ئەوە دەخاتە پاڵ لایەنە ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێم کە ڕێگا نادەن خەڵکی ناوچە ئازادکراوەکان بگەڕێنەوە سەر ماڵی و حاڵی خۆیان و مەبەستیان لەم کارە گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچەکەیە بۆیە بە زۆر عەرەبەکانی ناوچەکە لە شوێنەکانی خۆیان دووردەخەنەوە و لە شوێنی دیکە نیشتەجێیان دەکەن لە کاتێکدا کە خەڵکی بەشێک لەم ناوچانە ئارەزووی مانەوە و گەڕانەوەیان هەیە بۆ سەر زێدی خۆیان.

لایەنە ئەمنییەکان هۆکاری نەگەڕانەوەی خەڵک بۆ سەر شوێنی خۆیان بۆ شەڕ و نەبوونی خزمەتگوزاری پێویست دەگەڕێننەوە و ئاماژە بەوە دەکەن کە بوونی خەڵک لە هەندێک لەو شوێنانە گیانیان دەخاتە مەترسی و دەبێتە هۆی ئەوەی داعش بارودۆخەکە بقۆزێتەوە، لە بەرامبەردا خەڵکی ناوچەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە بەشێکی خەڵکی ئەم گوندانە گەڕاونەتەوە سەر شوێنی خۆیان و ئەوانەی کە تا ئێستاش نەگەڕاوەنەتەوە بە هۆی بوونی شەڕ و نزیکیان لە هێڵی تەماس بووە هەروەها ترسیان لە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی هەیە بۆیە بە ویستی خۆیان نەگەڕاونەتەوە.

**<u>گوتەی بەرپرسە ئیداری و سەربازییەکانی ناوچەکە</u>**

**(یعقوب یوسف علی بەڕێوەبەری ناحیەی جەلەولا):**

دوای ڕزگارکردنی جەلەولا لەدەست داعش ئێمە بەرنامەیەکمان داناوە بۆ ئاوەدان کردنەوەی شارەکە و گەڕانەوەی خەڵکەکەی، سەرەتا بەو گەڕەکانە دەستمان پێکردووە کە کەمترین زیانیان پێکەوتووە خزمەتگوزاری و پێداویستیەکانیان بۆ دابین دەکریت و لە ڕۆژی (٢٠١٦/١/١٣)ەوە تا ئێستا بەپێی ئەم بەرنامەیە لە کۆی هەشت گەڕەک چوار گەڕەک ئاوەدانکراوەتەوە ئەوانیش گەڕەکەکانی (الطلیعه، العروبه، الشهداء، الجماهیر)ن لەم گەڕەکانە نزیکەی (4900 )خێزان گەڕاونەتەوە ئەمەش بە ژمارەیەکی پێوانەیی دادەنرێت و دوای گەڕانەوەشیان ئاو و کارەبامان بۆیان دابینکردووە.

بۆ گەڕانەوەیان سەرەتا هاووڵاتیانی عەرەب داواکاریەک پێشکەش بە ناحیە دەکەن کە چەند ڕێوشوێنێکی ئەمنی دەگرێتەوە دوای ئەوەی بە ڕێوشوێنەکاندا تێپەڕ دەبن ڕێگایان پێدەدرێت بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، هەرچەندە لەناو جەلەولا بەشێکی زۆری فەرمانگە حکومییەکان و خانووی کارمەندانی حکومەت وێران کراون، بەڵام بەپێی ئەو بەرنامەیەی دامانناوە لە کۆی (10074) خێزان تا ئێستا (4900)یان گەڕاونەتەوە.

زۆری مین و بۆمبە دانراوەکان هۆکارێکە بۆ نەگەڕانەوەی بەشێک لە هاووڵاتیان، چونکە بەشێکی ئەم مین و تەقەمەنیانە بە جۆرێک دانراون کە زۆر جار ئەو کارەبایەی لە ئەنجامی هەورە بروسکەشەوە درووست دەبێت دەبێتە هۆی تەقینەوەی و مەترسی لەسەر ژیانی هاووڵاتیان درووست دەکات و تا ئێستا بوونەتە هۆی شەهید

بوونی (١١) پێشمەرگە، بۆ کەمکردنەوەی ئەم مەترسییە ئێمە ماوەی ساڵێک و سێ مانگە خەریکی پاککردنەوەی جەلەولاین لەو مین و تەقەمەنیانە کە جگە لە خانو و ماڵ و باڵەخانەکان لە ڕێگاوبانەکانیش دانراون، بەهۆی بۆردوومانکردنی فڕۆکە جەنگییەکانەوە وێرانکاریەکی زۆر روویداوە کە ژێرخانی ناوچەکەشی گرتۆتەوە و خزمەتگوزاری پێویستیش بۆ هاووڵاتیان نییە بۆ نموونە کێشەی کارەبامان یەکجار هەیە و بەشێکی زۆری ستوونەکانی کارەبا کەوتوون ئەمەش هۆکارێکی دیکەی نەگەڕانەوەی خەڵکە.

ئەو ڕێوشوێنەی کە گیراوەتەبەر بۆ گەڕانەوەی دانیشتوانی جەلەولا و دەوروبەری شەفافە و لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش دانی پێدانداروە و زۆر سەرکەوتووە، چونکە زۆر بەوردی زانیاریەکانیان وەردەگیرێت وەک ناوی چوارین و لەقەبەکەی و سەر بەکام پێکهاتەی نەتەوەییە و ژمارەی مۆبایلەکەی.

سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوە ئێمە گەڕەک گەڕەک جەلەولا ئاوەدان دەکەینەوە، بەڵام گەڕەکی (تەجنید) خۆی لەسەرەتاوە گەڕەکێکی زێدەڕۆ بووە و لە (٥٠٠) ماڵ پێک هاتووە زۆربەی دانیشتوانەکەی پێشتر خەڵکی ڕومادی بوون و پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە بەشێک لە دانیشتوانەکەی لە ناوچەکانی دەوروبەر نیشتەجێن و ئەگەر لە فلتەری ئەمنی دەربچن دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ جەلەولا، بەڵام ئەم گەڕەکە بە بڕیاری پارێزگای دیالە ئاوەدان ناکرێتەوە و بەشی هەرەزۆری دانیشتوانەکەی پەیوەندییان بە داعشەوە کردووە.

**(بەڕێز مەحمود سەنگاوی بەرپرسی میحوەری گەرمەسێر):**

ئەو ڕێگەی کە بۆ بەغدا دەچێت زۆر مەترسیدارە و بەزۆر شێوە دەستدرێژی دەکرێتە سەر هاووڵاتیان و تاڵان دەکرین و دزیان لێدەکریت و دەکوژرین نەک هەر لەلایەن داعش بەڵکو لەلایەن حەشدی شەعبیشەوە ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر خەڵک هەیە لە هەموو ڕوویەکەوە.

سەبارەت بە گەڕانەوەی خەڵک هەندێک لە دانیشتووانی جەلەولا گەڕاونەتەوە، بەڵام هاوکاری نەکراون چەندین جار بەرپرسانی بەغدا سەردانیان کردین و بڕیاربوو کە بڕی هەشتا و هەشت ملیار دینار سەرف بکەن بۆ ئەو دانیشتووانەی گەڕاونەتەوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ هاریکاریەک لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە پێشکەش بەم ناوچەیە نەکراوە و ئەوەی کراوە تەنها بە هیممەت و هەوڵ و کۆششی دانیشتوانی ناوچەکە ئاوەدانکراوەتەوە.

بە شێوەیەکی سەرەکی هۆزی (کەرەوی)یەکان هەموویان نەگەڕاونەتەوە چونکە ئەمانە لە دێر زەمانەوە دژایەتی کوردیان کردووە و دەستیان بە خوێنی کورد سور بووە، سەرەڕای ئەمەش خۆیان ناگەڕێنەوە بێ ئەوەی کەس ڕێگرییان لێ بکات، چونکە دانیشتوانی عەرەبی ناوچەکە ڕێزیان لێگیراوە و لە شێوازی بەڕێوەبردنی ناوچەکە و بەرپرسە ئیداری و سەربازییەکان رازین بۆیە دەگەڕێنەوە بۆ سەر ماڵ و حاڵی خۆیان، بەڵام دانیشتوانی کورد بەڕێژەیەکی کەمتر دەگەڕێنەوە.

**(صباح سعدون صالح الصميدعی نوێنەری سەرۆکی پەرلەمانی عێراقی):**

سەبارەت بە پرسی گەڕانەوەی خەڵکی ناوچەکە بۆ سەر زێدی خۆیان پێویستە ئاماژە بە بارودۆخی ناوچەکانی دەوروبەری جەلەولا بکەین، چونکە جگە لە جەلەولا چەند ناوچەیەکی دیکەش هەن کە پێش جەلەولا رزگار کراون لەوانە ناحیەکانی (عظیم، سەعدیە، میقدادیە). دوای رزگارکردنی خەڵکەکەی گەڕاونەتەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان هەرچەندە تائێستا تەنیا (25%) ئەم ناوچانە ئاوەدانکراوەتەوە بەڵام جەلەولا (45%)ی ئاوەدانکراوەتەوە و لەلایەن پشمەرگەوە رزگارکراوە، هەروەها خەڵکی سەعدیە بەر لە جەلەولا گەڕانەوە سەرەڕای ئەوەی کە ژێرخانی شارەکە و فەرمانگە و دامودەزگا حکومییەکان بە تەواوی وێران بوون و خزمەتگوزاری پێویستیشیان نەبوو.

سەبارەت بە رێوشوێنەکانی گەڕانەوەی خەڵک دوای سەردانی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و وەزیری بەرگری و وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی ئیتیحادی بۆ پاراستنی سەقامگیری ناوچەکە و رێگا گرتن لە تیرۆریستان رێککەوتن لەسەر ئەوەی کە پێویستە ئەوانەی دەگەڕێنەوە بە فلتەری ئەمنیدا تێپەڕ بن ئینجا دەگەڕێنەوە و ئێستا زۆربەیان بەم میکانیزمەوە لە خانەقین و شوێنەکانی دیکەدا نیشتەجێن.

**<u>گوتەی سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە</u>**

**(شێخ مطلگ حماد العطیە شێخی هۆزی جبور):**

حکومەتی هەرێم زیاتر لە توانای خۆی باوەشی بۆ عەرەبە ڕاگوێزراوەکانی ناوچەکە کردۆتەوە لە بەرامبەردا حکومەتی ئیتیحادی هەڵوێستی نەرێنی بووە و گرفت و تەگەرەی بۆحکومەتی هەریم دروستکردووە، تەنانەت ئەو هاریکارییەی بۆ راگوێزراوانیش دێت نایگەنە دەستمان لەکاتێکدا پێویستییەکی زۆرمان پێیە، (صالح مطلگ) یەکێکە لەو کەسانەی کە ئاستەنگی زۆری بۆ درووستکردووین و رێگا نادات هاوکارییەکان بگاتە دەستمان جگە لەمەش دەستیکردووە بە دەرکردن و تۆمەت دروستکردن بۆ هاووڵاتیان و دەستگیرکردنی خەڵکانی بێتاوان بەپێی ماددەی(٤)ی یاسای دژە تیرۆر و دەربەدەرکردنیان، بەهۆی ئەم ڕووداوە ناخۆشانەوە بەشێک لە ڕاگوێزراوان لەبەر نەبوونی هەلی کار و خراپی باری داراییانەوە دەناڵێنن، حکومەتی هەرێم هاریکاری زۆری کردووین و بە تاکە پەناگەی خۆمانی دەزانین بەتایبەتی دوای هاتنی چەتەکانی حەشدی شەعبی کە بە هەموو شێوەیەک دژایەتی سوننە دەکەن و هەوڵی لەناوبردنیان دەدەن.

ئێمە درک بە بارودۆخی دارایی و قەیرانی ئابووری حکومەتی هەرێم دەکەین کە ناتوانێت وەکو پێویست بەردەوام بێت لە هاریکردنمان، بۆیە چەندین جار داوامان کردووە کە هاوکارییە نێودەوڵەتییەکان لە رێگای حکومەتی هەرێمەوە بەسەر ئێمەدا دابەش بکرێت، چونکە بەشێوەیەکی یەکسان دابەشیان دەکات دەکرێ، بەڵام

جگە لە ڕێگری لە هێنانی یارمەتییە مرۆییەکان لە رووی سیاسیشەوە گرفتمان بۆ درووست دەکەن، بۆنمونە من لە ساڵی 2014 تۆمەتبارکرام بە ماددەی (٤)ی یاسای دژەتیرۆر لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە گوایە من چوار تیرۆریستم داڵدە داوە و بەو بیانووە ناوچەکانی ئێمەیان بە تۆپ و هاوەن بۆردوومان کرد، بۆ راگرتنی بۆردوومانەکە من پەیوەندیم بە بەرپرسە باڵاکانی ناوچەکە کرد وەک (عبدالأمیر زەیدی) و ئامر لیوای ناوچەکە، ئەگەرچی بەڵێنیشیان پێدام، بەڵام بێ سوود بوو و بۆ رۆژی دواتر بۆردوومانەکە بەردەوام بوو.

بەرپرسی پۆلیس (جمیل شەممەری) کە کەسێکە ناوبانگێکی خراپی لە ناوچەکە هەیە داوای لێ کردم تا حەشد پێک بهێنم لەو ناوچەیە و لە دژی داعش شەڕ بکەم، لەبەر ئەوەی من رازی نەبووم منی بە هاوکاری کردنی داعش تۆمەتبار کرد هەروەها لە رێکەوتی 2007/11/6 کوڕێکم خۆی و پاسەوانێکی کوژران بە هۆی تەقینەوەی ئۆتۆمبیلێکی مینرێژکراو لەبەردەم بینایەی پارێزگای دیالا، بەشێوەیەکی گشتی زیانی زۆرمان پێکەوت بەشێکی زۆری سەروەت و ماڵ و موڵک و زەوی کشتوکاڵیم لە دەستدا بە هۆی حەشدی شەعبییەوە، کەواتە ئەگەر رەفتاری حەشدی شەعبی لەگەڵ ئێمە بەو شێوەیە بێت من چۆن بتوانم بگەڕێمەوە بۆ ناوچەکەی خۆم.

**سێیەم: ئازادی هاتوچۆ هاووڵاتیانی سڤیل**

لایەنە نێودەوڵەتییەکان لە دوای شەڕی داعشەوە بە بەردەوام رەخنە لە هێزە ئەمنییەکان و هێزی پێشمەرگە دەگرن بەوەی رێگە بە هاتووچۆی هاووڵاتیانی عەرەب نادەن ئەوانەی کە ناوچەکانی خۆیان جێهێشتووە و روویان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە کە بە ئازادی هاتوچۆ بکەن. دام ودەزگا حکومییەکانیش ئاماژە بەوە دەکەن کە بە هۆی بەردەوامی شەڕی داعش و مەترسی ئەمنی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ هەندێک ڕێوشوێنی ئەمنیان گرتۆتەبەر بەتایبەت لە هەندێ ناوچەی دیاریکراو کە زۆرترین مەترسی دزەکردنی تیرۆریستانی لەسەرە، ئەم ڕێوشوێنانەش زیاتر بۆ هاووڵاتییە عەرەبەکانە بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە دزەکردنی تیرۆریستان بۆ ناو کوردستان.

هاووڵاتیانیش ئاماژە بەوە دەکەن سەبارەت بە هاتوچۆ ئازادن و هیچ کۆسپ و تەگەرەیەکیان بۆ درووست ناکرێ لەلایەن پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانەوە و ئەو رێوشوێنانەی کە پیادە دەکرێن بە کارێکی ئاسایی دەزانن.

**<u>گوتەی بەرپرسە حکومی و سەربازییەکان</u>**

**(سەڵاح کوێخا سەرپەرشتیاری ئیدارەی گەرمیان):**

هاووڵاتییە عەرەبەکان ئەوانەی نیشتەجێی ئەم ناوچەیەن و ئەوانەیشی کە لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادانەکان ئاوارە بوون و شوێنی خۆیان جێهێشتوو سەبارەت بە هاتوچۆ ئازادن وەک هەر هاووڵاتییەکی دیکەی ناوچەکە،

واتە جیاوازی ناکرێ لە بازگەکان لە نێوان کورد و عەرەب و پێکهاتەکان، و ئەو رێوشوێنانەی کە لە بازگەکان پیادە دەکرێن کارێکی ئاساییە و لە هەموو شوێنێک پیادە دەکرێت بەتایبەتی ئەو ناوچانەی کە شەڕیان تێدایە و تەنیا بۆ عەرەبەکان نییە، بەڵکو کورد و هەموو پێکهاتەکانی تری ناوچەکە دەگرێتەوە.

**(عمید لقمان صابر شکور بەرپرسی پۆلیسی کەلار):**

هێزی پۆلیس و هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزێکی یاساییە و کارێک ئەنجام نادات کە پێشێلکاریی یاسا بێت بەرامبەر بە هیچ پێکهاتەیەکی ئایینی و مەزهەبی لەو ناوچەیە بۆ ئەم مەبەستەش لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە دەستخۆشی لە هێزەکانی پۆلیس و پێشمەرگە کراوە کە بوونەتە هۆی پارێزگاری کردنی دانیشتوانەکەی بەبێ جیاوازیکردن.

وەک پێزانین بۆ بەرپرسانی ئەمنی ئەم ناوچەیە: ئەنجومەنی نوینەرانی عێراق بە نووسراوی ژمارە 8891/7/1 لە 2014/10/1 سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی بەڕێوەبەری پۆلیسی ناوچەی کەوکەس کردووە لەسەر ئەو هەوڵ وکۆششانەی لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و ئاسانکاری بۆ ڕاگوێزراوان و دابەشکردنی بەشەخۆراک و پاراستنی ئەمنیەتی ناوچەکە ئەنجامیداون، هەروەها نووسینگەی تایبەتی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ بەرپرسانی ئەمنی ناوچەکە بە نووسراوی ژمارە: م.ر/703 لە 2016/4/3 سوپاس و پێزانین خۆی ئاراستەی ئێمە کردووە ئەمەش بەڵگەیەکی ڕوونە لەسەر دڵسۆزی و بەرپرسە ئەمنیەکان و پاراستنی سەر و ماڵی هاووڵاتیان و جیاوازی نەکردن لە نێوان پێکهاتەکانی ناوچەکە هەروەها نیشانەی متمانەی هاووڵاتیانە بە دەزگا فەرمییەکانی ئەم سنوورە.

**<u>گوتەی سەرۆک هۆزە عەرەبەکانی ناوچەکە</u>**

**(شێخ أسعد صالح حبیب الکروی):**

سەبارەت بە هاتوچۆ ئێمە عەرەبەکانی ناوچەکە هیچ ڕێگریەکمان لێناکرێت و دەتوانین بە ئازادی هاتووچوو بکەین و تاوەکو ئێستا نزیکەی نیوەی دانیشتوان گەڕاونەتەوە، بەڵام وەکو پێویست هاوکاری نەکراوین و یارمەتی ماددیمان پێنەدراوە.

**(عادل وادی أسماعیل موختاری گوندی بایزە):**

ئێمە خۆمان بە دەست تیرۆر و وێرانکارییەوە ئازاری زۆرمان چەشتووە بۆیە ئەو رێوشوێنانەی کە لە بازگەکان و خاڵەکانی پشکنین پەیڕەو دەکرێت ئاساییە و بە لێپرسینەوەیەکی ڕۆتینی ئاسایی دەزانین، چونکە لەم رووە ئاسانکاری زۆرمان بۆ کراوە و ئێمە ئازادین بەتایبەتی سەبارەت بە مەسەلەی هاتوچۆکردن.

**(ئیبراهیم عەبد موختاری گەڕەکی تەجنید):**

سەبارەت بە هاتوچۆکردن ئێمە دوای تێپەڕبوون بە فلتەری ئەمنی و کەفالەت کردن و وەرگرتنی ڕێپێدان (رخصة) بە ئازادی دێین لەناوچەکە نیشتەجێ دەبین لە هەمان کاتدا بە ئازادی هاتوچۆ دەکەین و هیچ ڕێگرییەکمان لێناکریت.

**چوارەم: دەست بەسەر داگرتنی ماڵ و موڵکی هاوڵاتیان**

دوای ئازادکردنەوەی ناوچەکانی ژێر دەستی داعش، زۆر جار لایەنە نێودەوڵەتییەکان هێزە ئەمنییەکانی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەستیان بە سەر ماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی عەرەبی ناوچەکەدا گرتووە و تەنانەت زەوییە کشتوکاڵییەکانیشیان بۆ خۆیان بەکار دەهێنن.

بەرپرسە ئەمنییەکانی ئەم ناوچەیە باس لەوە دەکەن کە دەست بەسەر ماڵ و موڵکی خەڵکدا نەگیراوە و ئەگەر لێرەو لەوێ کارێکیش روویدابێت حاڵەتی شەخصی بووە نەک بەرنامە بۆ دارێژراو، بەڵام خەڵکی ناوچەکە ئاماژە بەوە دەکەن کە چەند ئۆتۆمبیل و کەلوپەلی کشتوکاڵی دانیشتووانی ناوچەکە برداوە کە بەرپرسێکی سەربازی کورد لە پشت رووداوەکە بووە و بەم شێوەیەی خوارەوە:

لە بەرواری (2016/4/27) ژمارەیەک شوفێر و ئۆتۆمبێلێک دەستگیرکراون لەبەر ئەوەی باری دزراویان هەڵگرتبوو کە بریتی بوو لە تراکتۆری کشتوکاڵی هەڵوەشاوە و بۆڕی ئاوی بیری ئیرتیوازی و چەندین کەلوپەل و شتومەکی ماڵی هاووڵاتیانی بەرەگەز عەرەب لە گوندەکانی سنووری (طبج و جەلەولا) ئەم کارەش لەلایەن کەسانی سەر بە (عەدنان حەمە مینە) لێپرساوی میحوەری طبج و جەلەولا ئەنجامدراوە. ئەو کەسانەش کە ناویان هاتووە ئەمانەن (بەکر شاکر منصور، عثمان حمە شەریف عثمان و هاوکار سعید عبدالله) پاش ئەنجامدانی ئەم کارە بەڕێوەبەری پۆلیسی گەرمیان بڕیاریدا دەست بەسەر ئەو ئۆتۆمبێل و کەلوپەلانە بگیرێت و ڕەوانەی دادگا بکرێن بۆ دەستپێکردنی لێکۆڵینەوە.

دوابەدوای لێکۆڵینەوە، تاوانبارەکان لە وتەکانیاندا دانیان بەوە نا کە ئەم کەلوپەلە دزراوانەیان لە میحوەری (طبج و جەلەولا) بە شێوەی موزایەدە کڕیوەتەوە کە لە بنەڕەتدا لەلایەن (عەدنان حەمە مینە) دزراوە. (عەدنان حەمە مینە)ـەش لەلای خۆیەوە داوای لە بەرپرسی پۆلیس (عمید محەمەد) کرد کە ئەو کەل وپەل و ئۆتۆمبێلانە ڕادەستی دادگا نەکات، بەڵام (عمید محەمەد) سوور بوو لەسەر ئەوەی کە

تۆمەتبارەکان ڕادەستی دادگا بکات و لە کۆتاییدا (عەدنان حەمە مینە) هەڕەشەی لە بەرپرسی پۆلیس کرد بە لابردنی لە پۆستەکەی ئەگەر ئەم کارە بکات و بەرپرسی پۆلیسیش تاوانبارەکانی تەسلیم بە دادگا کرد.

دوابەدوای لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە ئەم کەلوپەلانە موڵکی هاووڵاتییەکی عەرەبی ناوچەکەیە بەناوی (علی عبد طه کاظم) کە خەڵکی ناوچەی (طبج)ـە و ناوبراو بەڵگەی پێویستی پێشکەش بە دادگا کردوووە کە دەیسەلمێنێ خاوەنی ئەم کەل و پەلانەیە.

**<u>پێشنیار بە مەبەستی چارەسەر کردنی:</u>**

1. پێویستە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ستراتیژیەتێکی روون و ئاشکرا دابڕێژرێ بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ پێکهاتەکانی ناوچەکە بەتایبەتی عەرەبە سوننەکان، چونکە راگوێزراوەکانی ناوچەکە هەموویان عەرەبی سوننەن و لە ترسی حەشدی شەعبی ناتوانن بگەڕێنەوە سەر زێدی خۆیان.
2. سەبارەت بە پرسی هاتوچۆی هاووڵاتییە عەرەبەکان لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە و هێزە ئەمنییەکانی هەرێم لە ناوچەی جەلەولا و دەوروبەری هاووڵاتیان ئازادن، بەڵام پێویستە رێوشوێنەکان توندتر بن بۆ کۆنترۆڵ کردنی ناوچەکە، چونکە ناوچەیەکی فراوانە و ئەگەری دزە کردنی تیرۆریستان و میلیشیا چەکدارەکان هەیە.
3. دانانی رێوشوێنێکی ئەمنی گونجاو بە هەماهەنگی لەگەڵ هەموو پێکهاتەکان بۆ رێگە گرتن لە تێکدان وێرانکردنی خانووی هاووڵاتیان بەتایبەتی رێگە گرتن لەو کەس و لایەنە چەکدارانەی بە ناوی پێشمەرگەوە ماڵی خەڵک وێران دەکەن لەوانەش (لیوای خوراسانی) کە سەر بە حەشدی شەعبییە و لە ناوچەکە بوونی هەیە.
4. لە بارەی گەڕانەوەی هاووڵاتیان بۆ سەر زێدی خۆیان پێویستە هەماهەنگی زیاتر بکرێت لەگەڵ ئەو هۆزە عەرەبەکانی ناوچەکە، بۆ گەڕاندنەوەی راگوێزراوەکان بۆ ناوچەکانی خۆیان بەتایبەتی ئەو شارۆچکانەی کە خزمەتگوزاریان تێدایە، بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە لە رووی ئەمنییەوە.
5. سوتاندن و وێرانکردنی خانووی هاووڵاتیانی سقیل کە زۆربەی لەلایەن میلیشیا شیعییەکانەوە بە ناوی کورد و بە جلوبەرگی کوردی ئەنجامدراوە بووەتە هۆی نەمانی متمانە بە هێز و لایەنە کوردییەکان، پێویستە لەگەڵ هۆزە عەرەبەکانی ناوچەکە هەوڵ بدرێت راستییەکانیان بۆ روون بکرێتەوە و گیانی تەبایی و پێکەوەژیان لەنێوان پێکهاتەکانی ناوچەکەدا بگەڕێنرێتەوە.

6. لەرووی میدیا و راگەیاندنەوە پێویستە میکانیزمێک دابرێژرێت بە جۆرێک لە هەر میحوەرێک لیژنەیەکی تایبەت بە میدیا دابنرێت کە پێشوازی لە رۆژنامەنووسان بکات و ئاسانکارییان بۆ بکات لەرووی هاتوچۆ و پێدانی زانیاری و هیچ لایەنێک بەبێ رەزامەندی لیژنەی ناوبراو بۆی نەبێت لێدوان بدات و زانیاری بڵاوبکاتەوە، هەروەها پێویستە لایەنێکی یاسایی بەدواداچوون بکات بۆ بەدواداچوونی ئەو هەواڵ و راپۆرتانەی بڵاودەکرێنەوە و وردبوونەوە لە راستی ئەم زانیاریانە و دیاری کردنی ئەو لایەنانەی کە هەر بابەتێکی نا درووستی بڵاوکردبێتەوە و ئەگەر پێویست بێت سکاڵای یاساییش تۆمار بکرێت دژی ئەو لایەنانە.
7. هەندێک لە دانیشتوانی ناوچەکە گلەیی لە بە تاڵان بردنی ماڵ و موڵکیان دەکەن بە پێویستی دەزانین لیژنەیەکی لێکۆڵینەوە دابنرێت بۆ بەدواداچوونی ئەم سەرپێچیانەی کە باس دەکرێن و پەیوەندییان بە تاڵان کردنی ماڵ و موڵکی هاووڵاتیانی عەرەبی ناوچەکەوە هەیە لەلایەن چەند بەرپرسێکی سەربازی کورد لەو ناوچەیە.